# لە جەرگەی قەیرانەوە بەرەو کوودەتایەکی دیکە

ئەردەڵان



مانگی ڕەشەمەی ئەمسال هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی پەرلەمانی ئێران بەڕێوە دەچێ، لە ماوەیەک پێش ئێستاوە کاربەدەستانی رژیم سەرقاڵی خۆئامادەکردن و ئامادەکارین بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێران.

قۆناغ و هەل و مەرجی ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو جیاوازییەکی زۆری هەیە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتداریدا چ لەئاستی نێوخۆیی و چ لەئاستی دەرەکیدا، کارنامە و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی بە باشی لای سەرجەم گەلانی ئێران ڕوونە و خاوەن هیچ جۆرە شەرعیەتێکی یاسایی کە لە سەربنەمای سیستەمێکی دێموکراتی ڕێکخرابێ نییە.

ململانێ ناوخۆییەکانی ناو باڵەکانی دەسەڵات گەیشتووەتە ئاستێکی هەستیار و تەنانەت ریشی ڕەمزی کۆماری ئیسلامی واتە (وەلی فەقێ) شی گرتووەتەوە.

لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری خولی دەیەمدا کە دووساڵ و نیو لەمەوبەر بەڕێوەچوو، مووسەوی و کەڕووبی بە دەرچوون لە دەزگای پاڵاوتن و فیلتێرینگی شۆڕای نیگابان، توانیان وەک پاڵێوراوی ریفۆرمخوازەکان بێنە مەیدان و بکەونە کێبڕکێ بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری. لە چوارچێوەی لێدوان، بەرنامە و لە دیدار و دیمانە و چاوپێکەتنە میدیاییەکاندا سەنگەری خۆیان ڕاگەیاند و ڕەخنەیان لە کەموکۆڕییەکانی بناژۆخوازەکان و لە سەروو هەموویان (خامنەیی) گرت و تاوانباریان کردن کە لە خەتی ئیمام و ئینقلاب لایانداوە، ئەم باسانە و ئەم ململانێیە ڕەوشی سیاسی ئێرانی بردە قۆناغێکی دیکەوە.

موسەوی و کەڕووبی دوو مۆرە و کەسایەتی سیاسی جیاواز لەو سیستەمە نەبوون، بەڵکوو ئەوان سەردەمانێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بوون کە دواتر لە کایەکانی نێو دەسەڵاتدا پەراوێز خران. ئەوەی ئەوان باسیان دەکرد و لە ململانێیەکاندا کردبوویانە دروشمی خۆیان، تینوویەتی خەڵکی تینووی ئازادیی و رزگاریی گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی نەدەشکاند، هاوکات ئەو هەل و مەرجە نوێیە خۆی لە خۆیدا وەچەرخانێک بوو، کە تێیدا بە جوانی کەلێن و درزی نێوان باڵەکانی نیزام هەستی پێ دەکرا.

خەڵک بە بەشدارییە بەرفراوانەکەیان لە هەڵبژاردن و لایەنگرییان لە مووسەوی و کەڕووبی و دەنگ نەدان بە پاڵێوراوی خامنەیی، واتە مەحموودی ئەحمەدی نژاد، (نا)یان بە وەلی فەقێ و کۆماری ئیسلامی وت و چالاکانە ئەو بارودۆخە نوێیەیان قۆزتەوە و لەو گەمە سیاسییەدا بەشدارییان کرد.

چەواشەکاری و فرت و فێڵ و درۆ و دەلەسە، لەو نەریت و بنەما تێئۆری و پراکتیکییانەن کە کۆڵەکە و پایەکانی ئەو نیزامەی لەسەر دامەزراوە و گەلانی ئێران لە مێژ ساڵە بەباشی هەستیان بەم مەسەلەیە کردووە. بەڵام دوابەدوای تەواو بوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، خەڵکی ئێران و هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جارێکی دیکەش بۆی دەرکەوت کە ئەو نیزامە هیچ باوەڕێکی بە هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک نیە و بەڕێوەبردنی ئەم هەڵبژاردنە تەنیا شانۆگەری و چەواشەکارییە.

دوابەدوای کوودەتای هەڵبژاردن و دزینی دەنگی خەڵک و هێنانە دەرێی پاڵێوراوی بەیتی ڕەهبەری واتە ئەحمەدی نژاد لە سندووقەکانی دەنگدان و وتە ئاورینەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینی، خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ وەرگرتنەوەی دەنگە دزراوەکانیان و ئەمەش بوو بە سەرەتای سەرهەڵدانی جووڵانەوەی سەوز وەک ئۆپۆزوسیۆنێکی نێوخۆیی لە ئێراندا.

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تاران و زۆربەی شارە گەورەکانی گرتەوە، ئەو ڕاپەڕینە گەورەیە لە ماوەی یەک مانگدا بە گرتن و کوشتن و ڕاوەدوونان و سەرکوتی توندی خۆپیشاندەران لە لایەن دەزگا تۆقێنەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بێ دەنگ کرا.

مووسەوی و کەڕووبی وەک سەرانی جووڵانەوەی سەوز و دەیان کەس لە سیما ناسراوەکانی ڕەخنەگر لە نیزام و چالاکانی مەدەنی، هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و هەڵسووراوانی مافەکانی مرۆڤ و ... تاد، تا ئێستاش دەستبەسەرن و زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی تەژییە لە خەڵکی ئازادیخواز و ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەم تۆقاندن و ڕاوەدوونانە درێژەی هەیە.

ئەم ڕووداوانە متمانەی خەڵکی بە تەواویی بەو درووشمە لە دەستدا کە لە ئێراندا و لە ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا، ئازدایی بیروڕوا هەبێ و خەڵک بتوانن بە هۆی سندووقەکانی دەنگدانەوە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە چوارچێوەی ڕێگا و پرۆسەیەکی دێموکراتیکەوە بێتە دی.

کاریگەری و ئاسەوارەکانی کوودەتای هەڵبژاردن و سەرکوتی بێبەزەییانەی خۆپیشاندەران و تێکشکاندنی کەسایەتی و کەرامەتی بەندکراوەکان لە گرتووخانەکاندا بە رادەیەک بوو کە تەنانەت ئاخۆندە پلە بەرزەکانیش دەنگی ناڕەزایەتیان هەڵبڕی و بەو هۆیەوە کەلێنی گەورە لە نێوان ئەوان و بەیتی ڕێبەریدا درووست بوو.

کێشەکانی نێو دەسەڵات هەر بەوە کۆتایی پێ نەهات، بەڵکوو زۆری پێنەچوو گرفت و ململانێی جیدی لە نێومالّی ئوسولگەراکانیشدا پێکهات، ئەحمەدی نژاد کە پاڵێوراو کەسی جێی متمانە و دڵخوازی وەلی فەقێ بوو، ئێستا خۆی و کەسە نیزیکەکانی بەلادەر (ئینحرافی) ناودەبردرێن و لە لایەن توندئاژۆکانی سەر بە بەیتی ڕێبەرییەوە پەلامار دەدرێن. ئەو کێشە و ململانێ و ئاڵۆزییانە بارودۆخی نێوخۆیی و ئۆتوریتەی نیزامی ئاخوندی بە جارێ لاواز کرد.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتێکدا هەنگاو بەرەو هەڵبژاردنی خۆلی نۆیەمی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی هەڵدەگرێتەوە کە لە ئاستی دەرەکی و کۆمەڵگای نیودەوڵەتیشدا لە بارودۆخێکی هەستیار و خراپتر دایە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەخرێتە بەر گوشاری نێودەوڵەتی و تادێ تەریکتر دەکەوێتەوە.

پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوخۆی وڵاتدا، دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتان و هاوکاری و پشتگیری کردنی گروپە تیرۆریستیەکان و هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا و ئیسرائیل بە تایبەتی، هاوکات بەردەوام بوون لە حەولدان بۆ دەسپێراگەیشتن بە چەکی ناوەکی و گوێنەدان بە داخوازی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕای گشتی جیهانی، ئەو نیزامەی وەک حاکمیەتێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ کە هەڕەشەیە بۆ سەرکۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەوەندەی دیکە خستووەتە پەراوێزەوە، کە بیگومان لە هەنگاوی یەکەمدا گەلانی ئێران لەوە زەرەرمەند دەبن.

ئێستا بانکی ناوەندی لە لایەن ئەمریکاوە تەحریم کراوە و بریارە یەکێتی ئورووپاش کڕین و هاوەردەکردنی نەوتی ئێران لەلایەن ئەندامانیە و بخاتە چواچێوەی گەمارۆکانییەوە، کە لە ئاکامی ئەوەشدا کۆمەڵگای ئێران بە سیستەمە سیاسییەکەیەوە ئەوەندەی دیکە نوقمی قەیران دەبێ، وەک چۆن دیتمان لە ژێر کارتێکەرییەکانی سزا سیاسی و گەمارۆ ئابوورییەکاندا نرخی دراوی دەرەوە چ هەڵکشانێکی بەخۆیەوە دیت و لەماوەی کەمتر لە دو ڕۆژدا نرخی یەک دۆلاری ئەمریکی گەیشتە سنووری ١٨٠٠ تمەنی ئێرانی.

ئەوەش بەڕوونی دەیسەلمێنێت کە گەمارۆکان مەبەستی خۆی پێکاوە و هیچ دوور نییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا پشتی ئابوری ئێران بشکێنێت، لە لەیەکی دیکەوە بەرز بوونەوەی ئاستی گەمارۆکان ئاسەواری خراپی لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئاسایی داناوە.

ڕێژیم بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە دژوارە دەست بۆ هەموو کردەوەیەک دەبا، ئاشکرا بوونی دارشتنی پیلانی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە ئەمریکا لە لایەن سوپای قودسەوە، هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران، هەڕەشە کردن لە ئەمریکا لە خلیجی فارس و تەنانەت هەڕەشە لە ئابووری جیهان بە بەستنی تەنگەی هورموز، کە مەترسییە لە سەر بەرژەوەندی هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە ناوچەکەدا نەوت هەناردە و هاوردە دەکەن.

بەشێک لەو هەڕەشانە بۆ سەرنج لادانە لە سەر کێشە ناوخۆییەکان ، هاوکات ئەم کردەوە شەڕەنگێزییانە، بیانوو بەدەستەوەدانە بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بۆ هەڵگرتنەوەی هەنگاوی پێویست لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

لە بارودۆخێکی ئاوادا کە لە لایەکەوە مەترسی ناڕەزایەتی و بشێوی ناوخۆیی و لە لایەکی دیکەوە قەیرانی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتی تەنگی پێهەڵچنیوە، لە مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی دەس پێدەکا.

کۆماری ئیسلامی چلۆن دەتوانێ پشتیوانی جەماوەری بۆ خۆی دابین بکات لە هەمبەر گوشار و گەمارۆ نێودەوڵەتیانەدا، لە کاتێکدا بە زەبری زۆری بەسیج و سوپای پاسداران و دام و دەزگا ئەمنی و ئینتزامیەکان، دەستی بە سەر هەموو چارەنووسی گەلانی ئیراندا گرتووە، گرتووخانەکان ئاخنراون لە ئازادیخوازان، ڕۆژانە دەیان کەس لە سێدارە دەدرێن و کۆمەڵگا بەدەست گرانی، گەندەڵی، بێکاری و مەوادی موخەدر و دەیان نەخۆشی دیکەی کۆمەلایەتییەوە دەناڵێنێ.

ئەزموونی چەواشەکاری کاربەدەستانی دەوڵەت و کوودەتا و دزینی دەنگی دەنگدەران، خەڵکی بەرانبەر هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بێ باوەڕ و بێ متمانە کردووە، بۆیە بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرانە، هەڵبژارنی ئەم جارەش لە سیناریۆ و شانۆگەرییەک زیاتر نییە و بێ گومان ئەمجارەش پرۆسەکە بە کوودەتا کۆتایی پێدێ، بەڵام ئەمانە تا سەر بەردەوام نابن، بەڵکوو لە کۆتاییدا گەلانی زوڵم لێکراوی ئێران ئەم تاڵییانە، بە تێکرماندنی پایەکانی ئەو نێزامە قەرەبووی دەیان ساڵ چەوسانەوە و دیکتاتۆرییەت دەکەنەوە.

## شاندی PAK سەردانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سوریای کرد



کاتژمێر ١١:٣٠ نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٢٧ بەفرانبار ٢٧١١ (١٨ ژانویە ٢٠١٢)، شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرپەرشتی بەڕێز شەماڵ پیران کوردیناتۆری کۆمیتەی ناوەندی PAK و بە یاوەری رزگار عەباسزادە، عەبدوللا نەسیری و هەڵۆ ڕەمشتی ئەندامانی مەجلیسی گشتی PAK، سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سوریای کرد.

شاندی PAK بە گەرمی لە لایان بەڕێزان، د. مەحموود ئەحمەد، نوری بریمۆ و بێهجەت بەشیر ئەندامانی لێژنەی هەرێمی کوردستانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد پێشوازییان لێکرا.

لە دیدارێکی دۆستانەدا هەلوومەجی ئێستای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و نەتەوەکەمان لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیر و رای لە سەر کرا.

لە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکەدا وێرای باس لە سەر بارووەدۆخی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاڵووگۆڕ و پێشهاتە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا، پێ لە سەر پێویستی یەکریزی و تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان داگیرایەوە و هەر لەو پێوەندییەشدا شاندی پارتی ئازادیی کوردستان گرنگی پێکهاتنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سوریا و ئەو یەکێتی و یەکریزییەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژاوای کوردستانی بە هەنگاو و هەڵوێستێکی بەرز نرخاند و هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشی پێشکەشی ئەندامانی ئەنجوومەن کرد. پاشان هەردوولا پێیان لە سەر پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانەی نێوانیان داگرتەوە.

## بەڕێوەچوونی ئاکسیۆنێک دژی دەوڵەتی ترکیا لە ئاڵمان



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١/١٤ کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ ئاکسیۆنێک لە لایان هێزە سیاسیەکانی کوردستان و بەشداریی ڕەوەندی کورد لەشاری کۆڵنی وڵاتی ئاڵمانیا بۆ شەرمەزارکردنی جینایەتی دەوڵەتی فاشیستی ترکیا لە دژی کوردان لە شەرناخ بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئاکسیۆنەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهید کورد و کوردستان دەستپێکرد. پاشان بەیاننامەی هێزە سیاسییەکانەوە خوێندرایەوە کە تێیدا بە توندی کۆمەڵکوژیی کوردان بەگشتی و شەهیدکردنی ٤٠ هاووڵاتیی سڤیل و کاسبکاری کوردی لە ناوچەی شەرناخ بەتایبەتی مەحکوم کردبوو.

هەروەها خۆپیشاندەران بە هەڵگرتنی وێنەی شەهیدانی کارەساتەکەی شەرناخ و و دروشمی جۆراوجۆر و گوتنەوەی دروشم دژی دەوڵەتی ترکیە، ناڕەزایەتیی خۆیان لە دژی کوشتنی کوردان بە دەستی ترکیەی داگیرکەری کوردستان دەربڕی.

شایانی باسە، کۆمیتەی ڕێکخستنی ئاڵمانیای پارتی ئازادی کوردستان کە لایەنێک بوو لە بەڕێوەبەرانی ئاکسیۆنەکە، چالاکانە بەشداریی تێداکرد.

## تالیبان نووسینگەیەک لە قەتەر دەکاتەوە

تالیبانی ئەفغانستان بە ئاماژە بەوەی هەتا ئێستا چەندین دیداری لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ئەمەریکا بووە، ئامادەیی خۆی بۆ کردنەوەی نووسینگەیەک لە قەتەر ڕاگەیاند.

ڕێکخراوی تیرۆریستیی تالیبان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە ئامادەیە نووسینگەیەک لە دەرەوەی ئەفغانستان بکاتەوە و هەروەها خۆی بۆ دەستپێکردنی دانوستانەکان بۆ گەیشتن بە ئاشتی، ئامادە کردووە.

دوێنێ سێشەممە، ڕێکخراوی تالیبان بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و بە ڕەسمی ڕایگەیاند وڵاتی قەتەری بۆ کردنەوەی نووسینگەیەکی نوێنەرایەتیی سیاسیی ڕێکخراوەکەی هەڵبژاردووە و لە بەرامبەر ئەو هەنگاوەیدا داوای کردووە ئەندامە گیراوەکانی لە زیندانی گوانتانامۆ ئازاد بکرێن.

بەپێی ڕاپۆرتی یۆرۆ نیوز، لە بەیاننامەکەی تالیباندا ئەمەریکا وەک لایەنی وتوویژ بۆ ئاشتی باس کراوە و ئاماژە بە حکوومەتی ئەفغانستان نەکراوە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە پێشووتر، تالیبان هەموو وتووێژێکی گەڕاندبووەوە بۆ چوونە دەرەوەی هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لە ئەفغانستان.

تالیبان هەروەها لە بەیاننامەکەیدا دەڵێت لە چەند مانگی ڕابردوودا یەکێک لە جێگرەکانی (مەلا محەممەد عومەر) سەرۆکی تالیبان بە ناوی (تەیب ئاغا)، وتووێژێکی سەرەتایی لەگەڵ ئەمەریکا کردووە و دوای ئەم دیدارانە، تالیبان بڕیاریداوە نوێنەرایەتی لە قەتەر بکاتەوە و لەو وڵاتە وتووێژەکان درێژە پێبدات.

هاوکات، ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو دانیشتنێکی دانوستانی ئاشتی لە نێوان نوێنەرانی حیزبی ئیسلامیی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتیی (گوڵبەدین حیکمەتیار) و سەرۆککۆماری ئەفغانستان (حامید کارزای)، لە کابولی پایتەخت بەڕێوەچوو. هەر ئەم وەفدەی حیزبی ئیسلامی، لەگەڵ دیپلۆماتکارەکانی ئەمەریکا لە کابول دانیشتنێکیان سازدا.